# توركیاو كورد

# ئەگەرێک بۆ جەنگ، ئەگەرێک بۆ زمانی هەڕەشە

كەریم پەرەنگ
ڤێنا 06.11.2007
kerimpereng@hotmail.com

تا ئەمرۆ سەدان كۆمپانیای توركی لە كوردستانی باشوور كار دەكەن، بەڵام سیسەتمەدارانی توركیا ئامادەنین تاقە دیدەنییەک لە گەڵ سیاسەتمەدارێكی كوردی باشووردا بكەن، تەنانەت ئامادە بوون پێشوازیی لە سەرۆككۆماری ئێستای عیراق جەلال تالەبانی وەكو "سەرەک خێلێک" بكەن وەكو خۆیان دەڵێن، بەلام وەكو سەرۆككۆماری عێراق ئامادە نین بانگهێشتی توركیای بكەن، لە بەر ئەوەی كوردە. لە پاش رووخانی رژێمی سەدامەوە ئامادەن پێشوازیی لە بچووكترین كۆنە بەعسیی بكەن، بەمەرجێ كورد نەبێ یان بە لای كەمەوە پشتگیریی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەكا.
ناعەقڵانییەتی سیاسەتی توركیا رەگەكەی دەگەرێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمێكی تەنگەتیلانەو فۆبیای كورد..ئەم ناسیۆنالیزمەو فۆبیایە بە جۆرێک باڵی بە سەر سیاسەتی توركیادا كێشاوە، كە هیچ فەزایەک بۆ دیالۆگی مەنتیق ناهێڵێتەوەو هەر شتێک توركی نەبێت یان لە گەڵ سیاسەتی كەمالیزمو پانتیركیزمدا یەک نەیەتەوە بە هەموو شێوەیەک بەرپەرچ بدرێتەوە.
رەجەب تەیب ئەردۆگان توانی ئەو ستراتیژیەتەی بە دەستییەوە بوو هەتا هەڵبژاردن پیادەی بكا، ئەویش راكێشانی سۆزی كوردو ملنەدانی بۆ سوپا بۆ هێرشكردن. پێش هەڵبژاردن هەستا بە گێرانی كۆرێک بۆ چەندان رۆشنبیری توركو كورد بۆ تاوتوێكردنی بەرنامەرێژییەک بۆ چارەسەری كێشەی كورد، پاش ئەم كۆرە خۆی چووە دیاربەكرو بە ئامادەبوونی میدیاكانو بە ئاشكرا باسی لە كێشەی كورد كرد. ئەمە خاڵێكی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی رەسمی حكومەتی توركیادا بەرامبەر بە كورد. پاش ئەوەی لە هەڵبژاردن براوە بووو بە گوێرەی ئامارەكان سێیەكی دەنگی كورد بۆ پارتی عەدالەتو گەشەپێدان چوو، پ.ک.ک و دەنگە نزیكەكانی جۆرە شێرەزەیی‌و شڵەژانێكیان تێدا بەدی دەكرا. پارتی كۆمەڵگای مەدەنی نەیتوانی لە 23 نەوەنگە پتر بنێرێتە پەرلەمانی توركیا، ئەمەیش بۆ ئەو رێژەیەی ژمارەی كوردە لە توركیا زۆر كەمە. بەوە دەچێ رێككەوتنێكی نهێنی لە نێوان پارتەكەی ئێردۆگانو سوپادا هەبێ. پێش هەڵبژاردن سوپا بە هەموو جۆرێک دژی ئەوە بوو ئەندامی حیزبێكی دینیی ببێتە سەرۆک كۆماری توركیا، لە بەرامبەر ئەمەشدا پارتەكەی ئێردۆگان دژی هێرشی توركیا بوو بۆ سەر گەریلاكانی پ.ک.ک.. سوپا عەبدوڵلا گویلی بە سەرۆک كۆمار قبوڵكرد، لە بەرامبەر ئەمەشدا زمانی عەبدوڵڵ گویلو ئێردۆگانو پارتەكەیان گۆڕاو هێرشی سوپا بۆ سەر گەریلاكانی پ.ک.ک بە تاقە چارەسەر دەزانن بۆ چارەسەری كێشەی كورد. ئەمەش بە چۆكداهاتنێكی گویلو ئەردۆگانە لە بەردەم ئەرتەشی توركیادا.
ئەمە یەكەمجار نییە توركیا هەوڵدەدا كێشەی كورد بە شێوەیەكی سەربازی چارەسەربكا، بەڵام چارەسەركردنی كێشەی گەلێكی چەند ملیۆنی كە لە هەموو مافێكی بێبەشدەكرێ دەبێ رەهەندی نەتەوەیی، كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریی لە خۆ بگرێ. لە هێرشەكانی پێشوودا بانگداشەی ئەوەیان دەكرد كە كێشەی پ.ک.ک بۆ هەمیشە كۆتایی هات. كاتێ گەریلاو سیاسەتمەدارەكانی ئەو حیزبە لە سوریا وەدەرنران، كاتێ سەرۆكی ئەو حیزبە دەسگیر كرا، توركیای رەسمی كەوتە ئاهەنگێرانی كۆتایی پ.ک.ک.
رەنگبێ ئەم هێرشەی توركیا ببێتە هۆی كوژرانی چەند گەریلایەكی پ.ک.ک و گێرانی تەرمەكانیان بە ناو

شارەکوردییەکانی باکوردا، بەڵام تورکیا ئەگەر جەنگ بەرپا بکاو لەشکرکێشیی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکا لە هەموو لایەنێکەوە دۆڕاوە. من هەوڵدەدەم ئەو هۆیانەی کە وامليدەکەن قەناعەتم بەوە هەبێ کە تورکیا بە لای کەمەوە لە لایەنی سیاسییەوە لە کاتی لەشکرکێشییدا دۆڕاوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بکەمەوە:

1. رای گشتیی جیهان، میدیاکان، سیاسەتمەدارەکانی ئەمەریکاو ئەوروپاو وڵاتانی دەوروبەر دژی لەشکرکێشیی تورکیان بۆ باشووری کوردستان. هەموو باش دەزانن کە تورکیا تەنیا مەبەستی لێدانی پ.ک.ک نییە، بەڵکو لێدانی ئەو هەوڵەی ئەزموونە نەتەوییەیە کە لە کوردستانی باشوور لە ئاردایە. تورکیا هەتا هەتایە ناتوانێ بە نیو سەعات بەرنامەی کوردی لە رادیۆیەکەوە، یان چەند دەقیقەیەک لە تەلەفزیۆنێکەوە قەناعەت بە کوردی باکوور بهێنێ کە بە مافە کەلتورییاکانیان رازی بنو سەری خۆیان کز کەن، بە تایبەتی هەتا کوردی باکوور بتوانن لەو پەنجەرەیەوە لە ئەزموونی کوردستانی باشوور بڕوانن و هەوڵی کۆپیکردنی بدەن.

2. ئەم هەوڵەی لەشکرکێشییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی جارەکانی پێشووترەوە دەنگی هەموو پارچەکانی کوردستانی کردۆتە یەک دەنگ، ئەگەر پارتە کوردییەکانی باشوور نەشڵەژێن و لە خەت دەرنەچن و لە بەردەم هەرەشەکانی ئەم یەک ریزییە بپارێزن، ئەمە دەبێتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی. هەندێ لە پەرچەکردارەکانی ئەمڕۆی تورکیا ئەنجامی ئەم یەکڕیزییەیە، تورکیا ئەوەندەی تر تووشی هیستیریا بووە کاتێ دەبینێ ئەم یەکڕیزییە لە شکان نایەتو شەڕی کورد بە کوردی پێناکرێ. ئەگەر لە جارەکانی پێشوودا تورکیا شەڕی پ.ک.کای بە حیزبە کوردییەکانی باشوور سپاردبێ، ئەوا ئەمجارە جۆرە کۆدەنگییەک لا ئارادایە بۆ خۆ لادان لە شەڕی کورد بە کورد کردن. ئەگەر حیزبە کوردییەکانی باشوور خۆیان لە پەیمانەکانی ئەمەریکاو مالیکی خۆ نەبان بکەن، ئەوا ئەمە رەنگ بێ بۆ یەکەمجار بێ لە مێژوودا هەنگاوێکی وا نەتەوەیی نرابێ هێندە دەوڵەتێکی داگیرکەری لە بەر یەکڕیزیی کورد شپرزە کردبێ.

3. تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بەڵام هیچ دەوڵەتێکی هاوپەیمانی پشتگیری ناکا. زۆربەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی تورکیا جۆرە تێگەیشتنێکی سیاسی پیشاندەدەن، بەڵام لە لایەنی عەمەلیو سەربازییەوە پشتگیرییەکی راستەخۆی ناکەن. تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە تورکیا دەیەوێ لە بازنەی جەنگی دژەتیرۆردا بیخاتە جوغزی خۆیەوە، بە ئاشکرا دژی لەشکرکێشیی تورکیایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. لە گەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا دەڵێ پ.ک.ک رێکخراوێکی تێرۆریستتیەو کەمپەکانی پ.ک.ک دەبێ لە ناو ببرێن، بەڵام بەوە دەچێ دوو فاقییەک لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بەو پارتە هەبێ، ئەگینا ئەمەریکا هەر لە کاتی پەلاماردانی عێراقدا چۆن بنکەکانی ئەنسارولئیسلامی لە چیاکانی کوردستاندا بۆردومان کرد، ئاوا هەر لە بەر دڵی تورکیاش بێ چەند فرۆکەیەکی بناردایە سەر بنکەکانی پ.ک.ک

4. ئەم لەشکرکێشییەی تورکیا دەبێتە هۆی قێزەونبوونی زیاتری سوپا لای کوردو، قایمبوونی بنەماکانی پ.ک.ک لە ناو خەڵکیدا. پ.ک.ک کە بینی پارتەکەی ئێردۆگان دەنگێکی زۆری کوردی بە دەستهێناو لەوەدایە پ.ک.ک و باڵە سیاسییەکانی لە کزبووندا بن، وەکو ستراتیژیەتێکی خۆیان، حکومەت تورکیاو سوپایان راکێشایە ناو ئەم گەمەیەوە. لەشکرکێشیی تورکیاو جەنگی پارتیزانیی لە چیاکانی قەندیلدا تەنیا دۆڕاندنی سوپای لێدەکەوێتەوە، نەک لە بەر ئەوەی کە چیاکان پشتیانن وەکو زایەڵەی دەنگێکی دڵنەوایيکەرانەی نەتەوەپەرستیی هەمیشە ئامادەیە، بەڵکو لە شەڕی پارتیزانیدا هەمیشە لەشکر دۆڕاوەیە نەوەکو گەریلا. لەشکری وڵاتە یەککتووەکانی ئەمەریکا کێشەی تووش نەبوو بە سەر سەرکەوتن بە سەر سوپای ڤێتنامدا، بەڵام لە شەڕی دژە پارتیزانەکانی ڤێتنام دۆڕاو بوو. ئەمەریکا بە چەند رۆژێک سوپای عێراقی تەفروتونا کرد، بەڵام لە شەڕی تیرۆردا دەستەوستانە. بەڵام دەکەوینە داوی وەهمێکی گەورەوە گەر وا پێشبینی بکەین، کوردستان لە تورکیا دەکرێتە ڤێتنامی دووەم، ئەمە جگە لە وتارێکی خۆ دلخۆشکەرانەی نەتەوەییانەی تەنگەتیلە پتر نییە. ئەو هەلو مەرجەی ئەو قۆناغە مێژووییەی جەنگی ساردو پشتگیریی زۆربەی وڵاتانو گەلانی سەر رووی زەمین

له ڤێتنامییەکان، بووە هۆی شکستهێنانی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر بزاوتی رزگاریخازانەی ڤێتنامدا، بەڵام من تاقە وڵاتێک نابینم بە فەرمی پشتیوانی لە پ.ک.ک. بکا. راستە لە زۆر وڵاتی ئەوروپادا، جۆرە هەوادارییەکو هاوسۆزییەک بۆ کورد لە ئارادایە، بەڵام ئەمە لە دژە تورکەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لە هاوسۆزییەوە بۆ کورد.

تورکیا ئەگەر جەنگ بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەرپا نەکا ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا بەری ئەم هەڕەشانەی دەچنێتەوە: هێشتا تورکیا هێرشی نەکردووە، بارەگای پارتی چارەسەری کوردستان لە هەولێرو سلێمانی لە لایەن ئاسایشو پاراستنەوە داخران. تەنانەت باڵی سیاسی پارتە هاوسۆزەکانی پ.ک.ک. لە شارەکانی تورکیادا بنکەی خۆیان هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا زۆر جار دەکەونە بەر شاڵاوی داخستنو زیندانیکردنی لێپرسراوەکانیانو دادگاییکردنیان. لە کاتێکدا لەشکری کۆماری ئیرلەندا(IRA) پتر لە 90 ساڵ لە ئیرلەندا تیرۆری دەکرد، باڵە سیاسیەکەی "ئێمە خۆمان" Sinn Féin << لە شارەکانی ئیرلەندا رەسمی بوونو سیاسەتمەدارەکانیان لە گەڵ دیپلۆماتەکانی ئیرلەنداو بەریتانیادا جڤینیان ساز دەکرد. لە کاتێکدا تا چەند رۆژێک زمانی سیاسەتمەدارانی باشوور زمانێکی بەرگریکەرانەی هەڕەشەئامێز بوو، ئێستا وا خەریکە دەگۆڕێتە زمانێکی تەوافوقی نیوچە پاڕانەوە. وتارەکانیان لە پێشدا دژی تورکیاو داواکاریی بوو لە تورکیا بۆ هاتنە سەر مێزی دیالۆگو چارەسەرکردنی تەنگژییەکە بە زمانێگی دیالۆگی هاوچەرخانە، بەڵام ئەمڕۆ روویان لە پ.ک،کایەو داواکارن گەریلاکانیان شاخەکانی قەندیل بە جێبهێڵنو بانگداشەی ئەوە دەکەن ئەو زیانەی بە هۆی پ.ک.کاوە لە هەرێمی کوردستان کەوتووە لە تورکیا نەکەوتووە. ئەمانە هەموو سیگناڵی هەڵەن بەرامبەر تورکیا. من هەرگیز لە گەڵ ئەوەدا نیم، سیاسەتمەدارانی کوردی باشوور زمانێکی زبری توند دژی هیچ لایەنێک بە کاربهێننو ببێتە هۆی شەڕەنگێزی زیاتر، بەڵام داخستنی بنکەکانی پارتی چارەسەری کوردستان، گۆڕانو نەرمبوونی زمانیان بەرامبەر تورکیا، پەیماندان بە تورکیا بە ئابلووقدانی ئابووریی بۆ سەر گەریلاکانی پ.ک.ک. لە هەمانکاتدا توندبوونی زمانیان بەرامبەر پ.ک.ک هەڵەی تاکتیکینو لە پاشەڕۆژدا زیان لە ستراتیژی وتاری نەتەوەیی کورد دەدا. ئێستا وا خەریکە زمانیان دەگۆڕێتە زمانێکی تورکیا رازیبکا، ئەم گۆڕینی زمانە تورکیا هەروا با سانایی رازی ناکا، بەڵکو داواکارییەکانی تورکیا زیاد دەکەن. تورکیا هەمیشە هەڕەشە وەکو چەکێک بەرامبەر نەیارەکانی بە کار دەهێنێ. هیوادارم ئەم زمانی هەڕەشەیە چۆک بە سیاسەتمەدارەکانی باشوور دانەدا. تورکیا هەر لایەنو دەوڵەتێک لە گەڵ سیاسەتی پانتورکیزمدا نەگونجێ دەکەوێتە بەر نەفرەتی دەوڵەتی تورکو لەم نێوبەندیەو زۆر نێوبەندی دیکەدا زمانی دیالۆگ نازانن، جگە لە زمانی هەڕەشەو سزاو دەمکوتکردن، تورکیا بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستی ناسیۆنالیسنانەی خۆی ئەوەی لە توانایدا بێ دەیخاتە کار بۆ بەرپەرچدانەوەی. جا چی بە جینۆسایدناساندنی قەتڵو عامی ئەرمەنییەکان بێ، چی بۆ هێرشی بۆ سەر پ.ک.ک بێ. جا ئەم بەرپەرچدانەوەیە بە فشاری سیاسی بێ، چی بە ئابلۆقدانی ئابوریی بێ، یان بە هێرشی سەربازیی بێ. رەخنەگرەکانی ناوەوەی تورکیاش وەکو ئۆرهان پاموک رووبەرووی زیندانو دادگا دەکرێنەوە.

تورکیا هەتا نەتوانێ خۆی لە فۆبیای کورد قورتار بکاو نەتوانێ وەکو هاووڵاتی مەرجەکانی پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە بەرقەرار بکا نە دەتوانێ هەنگاو بەرەو کۆمەڵگایەکی بنێ، نە ئاشتیی لەو دەڤەرەدا بەرقەرار دەبێ. گەر چەندان ساڵی پێشوو گرفتی کورد وەکو کێشەیەکی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تێیدەنوانرا، بە هۆی هەلو مەرجی خراپی ئابووریی کوردستانو چۆڵکردنو خاپورکردنو راگواستنی بەردەوامی کوردەوە بۆ شارە گەورەکانی رۆژئاوای تورکیا، ئێستا کێشەی کورد بۆتە کێشەیەکی سەرجەمی تورکیا. کێشەی کورد نە بە کوشتنو راوەدوونانی چەند سەد گەریلایەک لە چیاکانی قەندیلو جودی چارەسەر دەبێ، نە بە هەڕەشەی ئابلۆقەخستنە سەر هەرێمی باشوری کوردستان، بە رای من مەسەلەی کورد تەنیا بە زمانی دیالۆگ چارەسەر

**دەبێ، زمانی دیالۆگیش ئەو زمانەیە کە هەتا ئێستا تورکیا فێری نەبووە. بەڵام زۆرن ئەوانەی چۆکیان بۆ زمانی هەڕەشەی تورکیا داداوە. تورکیا زمانی هەڕەشە زۆر باش دەزانێو هەتا ئێستاش توانیویەتی زۆر لە کێشەکانی خۆی لە گەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێو لە گەڵ نەیارەکانی بە زمانی هەڕەشە چارەسەر بکا.**

**ناسیۆنالیزمو کەمالیزم هێندە بە وزەیەکەی زۆرەوە کۆمەڵگای تورکیایان داتەپاندووە، ئێستا تەنیا حیزبە ناسیۆنالیستیو ئەرتەش نین فۆبیای کورد زارەترەکی کردوون، بەڵکو حیزبە عەلمانیو ئوسوڵییەکان، لەمپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ نایتوانیوە خۆیان لەم مۆتەکەیە قورتار بکەن.**

**تورکیا دەیەوێ بە زمانی رەخنەی پێچەوانەو تەنانەت خۆی لە پەیڕەوکردنی مافی مرۆڤو ئازادیی بیروڕاو ئایینو مافی ئافرەتان بدزێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. لە کاتێکدا هەندێ دەوڵەتی یەکێتی ئەوروپا لەشکرکێشیی تورکیا بە کۆتایی گفتوگۆی بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا تێدەگەن، تورکیا بە ناوی کۆنسەی ئەوروپاوە بانگەشەی تێگەیشتنی ئەوروپا بۆ هەڵوێستی تورکیا بڵاو دەکاتەوە.**